# هۆکارەکانی نەنووسینەوە و تۆمارنەکردنی مێژوو لای کورد

بەڕێز عەباس
(کەلار)

گەلانی پێشکەوتوو و شارستانی هەمیشە بایەخ بە نووسینەوەی مێژوو و تۆمارکردنی مێژوو دەدەن، چونکە لای ئەوان مێژوو ڕابوردوویەکی مردوو و بێ کەڵک نییە، بەڵکو پێیان وایە مێژوو لە ئێستا و داهاتوودا دەژی، هەر بۆیەش مێژوو بەشێکی گرنگی هۆشیاری تاکەکانی گەلانی پێشکەوتوو و شارستانی پێکدهێنێت، مێژوو ئەوەندە گرنگە دەتوانین بڵێین ڕادەی جیاوازی گەلانی پێشکەوتوو لە گەلانی دواکەوتوو بۆ چۆنێتی و چەندێتی بایەخدانیان بە مێژوو دەگەڕێتەوە!

کاتێک مێژووی کورد دەخوێنیتەوە تێبینی دەکەیت بەشێکی زۆری نادیار و کەمی نووسراوەتەوە، هەروەها ئەو ناوانەی مێژووی کوردیان نووسیوەتەوە کوردنین، یان هەندێک جار بە ڕەچەڵەک کوردن، بەڵام بە زمانی کوردی مێژوویان نەنووسیوەتەوە، بۆیە کۆمەڵێک پرسیار ڕووبەڕووت دەبنەوە، لە چەشنی ئەوەی لەبەرچی مێژوونووسانی کورد لە ڕابوردوودا بە زمانی کوردی مێژووی کوردیان نەنووسیوەتەوە؟ کورد بۆچی مێژووی خۆی نەنوسیوەتەوە و تۆماری نەکردووە؟ کورد لەو گەلانەیە بۆ ئەوەی خۆی بخوێنێتەوە و مێژووی خۆی بزانێت دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسراو و مێژوونووسانەی لە دەرەوەی کوردن و لە گەلانی ترن، چونکە ئەوەندەی ئەوانی تر لەسەر کوردیان نووسیوە هێندە کورد لەسەر خۆی نەنووسیوە، نەک هەر ئەوە بەشێکی گرنگی مێژووەکەشی ناڕوونە و لە بەشێکی زۆری وێستگەی مێژوویيدا نووسراو و بەڵگەنامەی ئەوتۆ لەبەردەست نییە کە ڕابوردووی کوردمان پێ بناسێنێت! ئێمە لەم کۆڵینەوەدا هەوڵ دەدەین بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین بەوەی هۆکاری



**مەلا مەحموودی بایەزیدی**

نەنووسینەوەی مێژوو لای کورد چی بووە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە مێژوونووسی دیار و ناسراوی کورد "د. کەمال مەزهەر ئەحمەد" پێی وایە کە هۆکاری نەنووسینەوەی مێژووی لای کورد بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "باری سروشتی کوردستان و ژیانی سەختی زۆربەی دانیشتوانی و پەرەسەندنی ژیانی کۆچەری و نیمچەکۆچەری لە ناویاندا لەگەڵ چەند دیاردەیەکی تری لەو بابەتە بوونە هۆی ئەوەی نووسین و خوێندن و خوێندەواری لەناو کورددا درەنگ پەیدا بێن و کە بووشن لەسەرخۆ پەرەبسێنن، بۆیە کە نووسینەوەی مێژوو لەناو کورددا زۆر درەنگ سەری دەرهێنا.

ڕاستە زۆربەی گەلانی تری ڕۆژهەڵات لەو بارەیەوە وەک کوردبوون، بەڵام لە ڕۆژگارێکی زۆر زوودا مێژوو بووە پیشەی ڕووناکبیرانی عەرەب و ئەرمەنی هاوسێی کورد. بەو جۆرە سەدان ساڵ تۆماری مێژووی گەلانی کورد بریتی بوو لە گۆرانی و داستان و ئەفسانەی سەرزاری خەڵکی، لەگەڵ نووسینی هەڵکەنراوی داگیرکەران لەسەر تاشەبەردی قەد شاخ و نان و ئەشکەوتەکان"(١)." د. ئەحمەد مەحموود خەلیل"یش پێی وایە لەوانەیە هۆکاری ئەم کەمی زانیارییە لەبارەی کوردەوە، لە کۆندا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کۆندا خێڵەکی بوون لەناو کوردا زیاد لە پێویست بوو، هەستی نەتەوەییش لەنێو خێڵدا لەباردەچێت و جگە لە ئاسۆ تەسکییەک مانای نییە، کەسایەتی و ڕووناکبیرەکانیشیان زیاد لە پێویست بیرێکی ئوممەتییان هەبووە(٢). ئەوەی مایەی سەرنجە مێژووی کورد بەشێکی زۆری هەژاری زانیاری پێوە دیارە، بە تایبەتی هەندێکی بیرچوونەتەوە و تۆمارنەکراوە، ئەمەش وای کردووە ئاڵۆزی دروست بکات، کە بۆ خەمساردی زانایانی کورد دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارکردنی مێژووەکەیان بە تایبەتی مێژووی گەلی کورد(٣).

هەندێک لە مێژوونووسانیش پێیان وایە "لەناو کوردەواریدا گەلێک زانا و مێژوونووس و ڕۆشنبیر و خوێندەواری لێهاتوو هەبووە و بەرهەمی بەسوود و بەنرخیان لە پاش بەجێ ماوە و تا ڕادەیەک توانیویانە کەم تا زۆر شتێک دەربارەی مێژووی بەسەرهاتەکانی سەردەمی خۆیان تۆماربکەن. بەداخەوە ژمارەی ئەو جۆرە کەسانە کەم بوون و بەشێکی زۆریان خزمەتی زمانی بێگانە و ئەدەبی بێگانە و مێژووی بێگانە و خزمەتی شارستانێتی و ڕۆشنبیریی میللەتانی تریان کردووە و ژمارەیەکی کەمیان مشووری ئەوەیان خواردووە خزمەتی میللەتەکەی خۆیان و وڵاتەکەیان بکەن و بۆ زمانی باوو باپیریان بەرهەمەکانیان تۆماربکەن"(٤)، دەبێت ئەوەش بزانین "لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکبیر و خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردی وا هەبووە، ئەگەرچی بە زمانەکەی خۆشی شتی نەنووسیبێت، بەڵام بەو زمانی بێگانەیەی کە پێی نووسیوە توانیوێتی شتێک دەربارەی وڵاتەکەی و هاووڵاتیانی خۆی و مێژووی نەتەوەکەی خۆی تۆماربکات"(٥). لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی ئەو میللەتانەی دراوسێی کوردبوون، یان کورد تێکەڵیان بووە، یان هاوئاییینیان بووە، ژمارەیەکی زۆری کورد لە خزمەت ئەو میللەتانەدا بووە و بە زمانی ئەوان بەرهەمەکانیان تۆمارکردووە و لەناو کتێب و دەستنووسەکانی ئەو میللەتانەدا بە دەیان ناوی کوردی زانا و شاعیر و مێژوونووس دەبینرێ(٦). بۆیە "نووسین و بەرهەمەکانی ئەم کەسانەش بە زمانی عەرەبی بووە، بە دەگمەن نووسینەکانیان بە زمانی کوردی بووە، یان هەر نییە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆز و ڕۆشنبیری و

زانست بوو، سەرەڕای ئەوەی کە هەستی ئیسلامی ئەو کات بەسەریاندا زاڵ بوو، لەبەر ئەوە دەیانویست لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە خزمەتی ڕۆشنبیری ئیسلامی بکەن لەبەر ئەوە بووبوونە پایەیەکی بەهێز لە پایەکانی شارستانی ئیسلام"(٧)، هەندێک پێیان وایە "کورد لەبەر ئەوەی گەلێکی کۆچەر و ڕەوەند بووە، ئەوەیە کە خوێندن و خوێندەواری لە ناویدا درەنگ پەرەی سەندووە، بۆیە مێژوونووسییش لەناو کورددا درەنگ دەستی پێ کراوە. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە بەهۆی پەرەسەندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەناو کورددا خوێندن و خوێندەوارییش پەرەی سەندووە و مێژوونووسانی کورد گەلێک شوێنەواری پایەداریان بە یادگار بەجێ هێشتووە، بەڵام هەموو نووسراوەکانیان بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لەناو ئەو مێژوونووسانەدا دەتوانین لە : ئەبو حەنیفەی دەینەوەری و ئەبو حەسەنی ئیبنی ئەسیر و ئەبولبەرەکانی هەولێری و ئیبنی خەلەکان و گەلێکی تر ناوببەین، بەڵام هیچ کام لەم مێژوونووسانە بەرهەمەکەی خۆیان بۆ مێژووی کورد و کوردستان تەرخان نەکردووە، بەڵکو هەندێ جار باسی کورد، یان ناوچەیەکی کوردستانیان کردووە(٨).

لە سەردەمە ناوەندییەکاندا، ئەو خوێندەوار و نووسەرانەی کە لەناو کورددا هەڵکەوتبوون، زۆری نووسینەکانیان هەروەک ئەوانەی نەتەوەکانی تری ئەو سەردەمانە، نووسینی ئایینی و هۆنراوەی دڵداری و دەروێشیێتی و ئەندێشەبوون.. بەشی زۆریان، ئەگەر هەموویان نەبن، بە زمانی نەتەوایەتی خۆمانیان نەنووسیوە، بەڵکو بە فارسی و عەرەبی نووسیویانە. لەو سەردەمانەدا زمانی نووسراوی ئایینی جۆرە پیرۆزییەکی بووە.. (٩)، هەروەها "زۆرجار بە بیانووی پیرۆز زانینی زمانی عەرەبی بە هۆی ئەوەی کە زمانی قورئان بووە، ئەوەشی ویستبێتی بە زمانی کوردی بنووسێت، تەنانەت لەبواری شیعر و ئایین کەوتووەتە بەر تانە و تەشەر و لە لایەن دەوروبەری خۆیانەوە ڕووبەڕووی وەستاونەتەوە، ئەمە نەوەک لە سەردەمانی زوو، بەڵکو تا سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە ئەم دیدە لە هەندێک شوێن باو بووە!"(١٠).

لە مێژووی کوردی کۆن نەوەک مێژوونووسی کوردمان نییە و دیار نییە، بەڵکو زانیاریش لەو بارەیەوە وەک پێویست نییە لە یەکێک لە سەرچاوەکاندا لە باسی مێژوونووسانی یۆنانی کۆندا ناوی مێژوونووسێک هاتووە بەناوی "هۆنیمۆس کوردی" ڕاستییەکەی نازانرێت تا چەند کوردە، یان نا، بەڵام ئەوەندە دەزانرێ هەڵگری نازناوی کوردە، کە یەکێک بووە لە مێژوونووسە گەورەکان" أ. نجاة سلیم محاسیس" دەڵێت خەڵکی کاردیا بووە، کاردیا دەکەوێتە ناوچەی دەردەنیل، هۆنیمۆس لە سپاکەی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بووە، مێژووی وڵاتی یۆنانی نووسیوەتەوە لە کۆچی دوایی ئەسکەندەرەوە تا ٢٧٥ پ.ز لە گێڕانەوەکانیدا ڕاستگۆ بووە(١١)، لە مێژووی کوندا ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە (دەوڵەتی ماد) کە بە دەوڵەتێکی کوردی حیسابە، ئەمە ئیمپراتۆریەتی گەورەی هەبووە، بۆچی نووسینی کەمە(١٢)، (دیاکۆنۆف) دەڵێت: نووسین لە بارەی مێژووی مادەوە شتێکی ئاڵۆز و گرانە، چونکە تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوو مەسەلەی ماد وەک مەسەلە و بەسەرهاتی کیشوەرەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کۆن وابووە و باسی ڕووداوەکانی وڵاتی ماد و دراوسێکانی تەنیا بریتی بوون لە زنجیرەیەک باسی ئەفسانە و سەرزارەکی کە لە زمانی مێژوونووس و نووسەرە یۆنانییەکانەوە دەیانگێڕانەوە لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا بەهۆی ئەوەوە کە زانیاری مێژوو بوو بەخاوەنی چەندان بەڵگە و نووسراوی کۆن و دۆزینەوەی شوێنەواری کۆن لەژێر زەویدا، بەڵام هێشتا بەسەرهاتی ماد نەیتوانیوە وەک دەوڵەت و وڵاتەکانی تر لە مەیدانی زانیاری و پێشکەوتنی زانیاری مێژوودا کەڵک وەربگرێ. تەنیا ئەمەندە بەسە بڵێین تا ئێستا شوێنەواری شار و شارستانیەتێکی کۆنی مادەکان لەژێر زەویدا بەڕوونی نەدۆزراوەتەوە، تەنانەت شوێنەواری نووسینێکی سەردەمی دەسەڵاتدرێتی مادەکان بەدەستەوە نییە.. بۆ ئەوەی شارەزای بەسەرهاتەکانی ماد و دەوڵەتی مادەکان بین.(١٣). لەنێو گەلانی کۆنی کوردستان هۆشیاری مێژوونووسین لاوازبووە، هەر لە گوتی و لۆلۆ و کاردۆخی تا مادەکان، بەڵام لە زەمانی حورییەکان کە لە کوردستانی باشوور حوکمیان کردووە و لە بەشی ڕۆژئاوا و لە باکووری سووریاش بەشی (میتانی) حوکمیان کردووە، نووسینیان کەم نەبووە، نزیکەی شەش هەزار لەوحی مسماری تەنیا لە (نوزێ) لە نزیک شاری

کەرکووک دۆزراونەتەوە، ئایا ئەمە سیفەتێکی ویراسی بووە لە کورددا کە حەزی بە مێژوونووسین نەکردووە، یان ئەم میللەتە دووربین نەبووە، چونکە دووربینی و مێژوو زۆر بەیەکەوە بەندن، یان دووربینی و بیری سیاسییان نەبووە، ئەمەش وەک خاڵێک مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە. نەبوونی دووربینی وەک سیفەتی ویراسی و نەبوونی دەوڵەتی گەورەش هۆکارن بۆ ئەوەی کورد لە رووی نووسینی مێژووەوە لاوازبێ، یان کورد متمانەی بە خۆی نەبووە، لە ئاکامی ژێردەستی دووروودرێژ شتی خۆی بە گرنگ نەزانیوە و بووە بە میللەتی پاشکۆی میللەتانی بێگانە، ئایا ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بڵێین کورد لە پێش ئیسلامەوە مێژووی خۆی نەنووسیوە، بە مەرجێ عەرەب و فارس و تورک مێژووی خۆیان بە نووسین پتەوکردووە کە بوونەتە سێ سەرچاوەی سەرەکی بۆ مێژووی میللەتی کورد(١٤). لە مێژووی نوێشدا"مێژووی شۆڕشەکانی کورد لە لایەن مێژوونووسانی کوردەوە لە کاتی خۆیدا نەنووسراونەتەوە، بەڵکو بەگشتی کەسانی بێگانە لەسەر ئەم شۆڕشانەیان نووسیوە"(١٥)، کورد مێژووی خۆی نەنووسیوەتەوە (١٦)، بۆیە " بەداخەوە ئێمە لە سەدەکانی پێشوودا زۆر بە باشی نامانتوانیوە مێژووی خۆمان بنووسینەوە، هەر بۆیە ناچارین لەناو کتێبەکانی خەڵکی تردا بەدوای مێژووی خۆماندا بگەڕێین"(١٧). "عەرەب کە خاوەنی دەوڵەتی ئیسلام بوون لە کاتی خولەفای راشدین و ئەمەوی و عەبباسی، لە بارەی فتوحاتی ئیسلامییەوە لە لایەن واقدی، بلازری و هی دیکەوە مێژوویان نووسراوەتەوە کە لە نووسینەکانیاندا باسی بەرگری کردنی کورد و داگیرکردنی ولاتەکەشی هاتووە، ئیتر کە دەوڵەتی ئەمەوی و عەبباسی دروست بوون کوردستان هەرێمێکی ژێر دەستی ئەوان بووە، مێژوونووسانی عەرەب زۆر رووداوی کوردیان نووسیوە(١٨). بێ گومان کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردی، کە پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو لە لایدا لاوازبووە و زۆرترینی مێژووەکەی زارەکی بووە و بە تێپەڕبوونی کاتیش لە یادەوەریدا سڕاوەتەوە(١٩). کورد ئەو مێژووە کەمەشی کە نووسراوەتەوە زیاتر مێژوویەکی سیاسییە و ئەوەی باس نەکراوە لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییە، بۆیە "بێ گومان گەڕان بەدوای سروشتی کۆمەڵگای کوردی و ڕوخسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو میللەتە، لە دووتوێی نووسینە مێژووییەکاندا، کارێکی ئاسان نییە. ئەوەندەی ئەو نووسینانە پرژاونەتە سەر مێژووی سیاسی و سەربازی، ئەوەندە لایان بە لای مێژووی دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا نە کردووەتەوە، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەم پشتگوێ خستنەش بۆ سروشتی قۆناغە مێژووییەکە خۆی بگەڕێتەوە، کە خەسڵەتی هەرەدیاری ململانێی سیاسی و ئاوابوونی هێزێک و سەرهەڵدانی هێزی ترە، ئەمە سەرباری پارچە پارچەبوونی جیهانی ئیسلامی و دەرکەوتنی چەندان سەنتەری دەسەلات، هەموو ئەمانەش وادەکەن رووداوە سیاسییەکان هەژموونیان بەسەر رووداو و دیاردەکانی تری کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچانەدا، لەوانەش کوردەکان هەبێت، هەر بۆیە خەریکبوونی مێژوونووس بەو رووداوانە و هەڵپەکردنی لە تۆمارکردنیان لەبەر تیژڕەوی و زوو بەسەرچوون و پێشهاتی سیاسی ترەوە، تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی میللەتەکانی شاردووەتەوە"(٢٠).

هەندێک پێیان وایە کورد نووسینی هەبووە، بەڵام لەناوچووە، بە بەڵگەی ئەوەی "گەر بێتو چاوێکی خێرا بە مێژووی کوردستان و کورددا بخشێنین، تێبینی ئەوە دەکەین کە لەنێوان هەردوو ماوەیەکی کورتدا بەرەنگاری هێرشێکی گەورەی بێگانە بووەتەوە، کە هەر جارە بووەتە هۆی بە جارێک رووخاندنی هەموو روویەکی شارستانی کە لە ولاتەکەدا هەبووبێت و پاش نەمانی ئەو هێرشە و دروستبوونەوەی شارستانی و پێشکەوتن تێیدا، سەرلەنوێ هێرشێکی کراوەتە سەر و شارستانییەکەی لەنێوچووە و بەو جۆرە..."(٢١). بۆیە گەر نووسینێک و تۆمارێکیش هەبووبێت لەناوچووە. لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی کوردستان، زۆرینەی کات کورد لە خاکەکەی خاوەنی دەسەلاتی خۆی نەبووە، ئەمەش هۆکاری زۆرە لەمانە: ژێردەستی دراوسێکان و زلهێزەکانی سەردەمانی مێژوو، بوونی کوردستان بە گۆڕەپانی شەڕەکانی دوژمنانی کورد، جگە لە دواکەوتنی ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەلی کورد(٢٢). کوردستان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا زۆربەی جار کەوتووەتە بەر پەلاماردان و لەشکرێشی جیاواز، گەر بە نموونە وەربیگرین" شاڵاوەکانی مەغۆل زیانێکی گیانی و

ماڵی زۆری لێکەوتووەتەوە و بووەتە مایەی ئاوارەبوون و پەڕاگەندەبوونی دەیان خێڵ و ماڵباتی کورد و وێرانبوونی چەندان دێهات و باژێڕی کوردستان(٢٣)، "هێرشی مەغۆل و ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی، داگیرکردنی ناوچەکە، لەناو ئەوەدا سەرانسەری کوردستان. لە لایەن خێڵە تورکمانە گەورەکانی ئاق قۆینلۆ و قەرەقۆینلۆ. مێژووی ناوچەکە و کوردی تا ئەندازەیەکی زۆر ئاڵۆز و تاریک کردووە. باسی کورد لەناو ڕووداوەکاندا باسێکی سەرەکی نییە. بە زۆری لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا دەخوێنرێتەوە. ڕەنگە تەنیا مێژوو بۆ باسی کورد تەرخان کرابێ، شەرەفنامە بێ، کە ئەشێ بۆ لێکۆڵینەوەی دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کورد و ئەمارەت و خێڵەکانی وەک سەرچاوەیەکی تایبەت بە مێژووی کورد کەڵکی لێ وەربگیرێ(٢٤) ئەو هێرش و شەڕانە شار و گوندەکانی کوردستانیان وێران دەکرد.. هەرجارەی هەزاران، بەڵکو دەیان هەزار کورد دەکوژران.. بەشێکیش لە سامانی وڵاتەکەمان تاڵان دەکرا. ئەو هێرش و شەڕانە زیانێکی زۆریان دەگەیاندە ژیار و ڕۆشنبیریی کورد و دوای دەخستن. ئەو هێرش و داگیرکردنانەی کوردستان لە تەگەرە سەرەکییەکانی یەکگرتنی ناوچەکانی کوردستان بووە.. زۆر شوێنەوار و بەڵگەنامەی مێژوویش لەناوبراون، بە تایبەتی ئەوانەی سەردەمی کۆن و ناوەند کە شتێکی ئەوتۆیان بۆمان نەماوەتەوە(٢٥)، هەروەها "ڕەوشی سیاسی، لە زۆربەی سەردەمەکانی مێژووی کورد سەقامگیری سیاسی لە کوردستاندا نەبووە. زۆربەی کات ئەگەر کیانی سیاسیش لەسەر خاکی کوردستان هەبووبێ، بەشێوەی میرنشین بووە، کە دەسەڵات نەگەیشتبووە ئاستی دەوڵەت، بەمەش دەسەڵاتێکی سیاسی بەهێزی ئەوتۆ نەبووە گرنگی مێژوو و تۆمارکردنی مێژوو بزانێ و هەوڵبدات مێژوو بنووسێتەوە(٢٦). بێ گومان نووسینەوەی مێژوو، لە هەر قۆناغێکدا، پەیوەست بووە بەو دەسەڵاتدار و دەوڵەتانەی فەرمانڕەواییان کردووە، ئەمانە ڕاستەوخۆ پشتگیری ئەو نووسینەوەیان کردووە، یان هانی کەسانێکیان داوە بۆ ئەوەی مێژووی کار و کردەوە و بنەماڵە و دەوڵەتەکەیان بۆ تۆمار بکەن(٢٧).

لە سەردەمی نوێشدا، بە تایبەتی " لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کە قوتابخانە دروست بوو، خوێندنی(مێژووی کورد) بایەخی ئەوتۆی نەبووە. بەقەدەر ئەوەی خوێندنی مێژوو بریتی بووە لە (مێژووی وڵاتی سەردەست)، ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە بەرەوپاشەوەبردنی هەر شتێک کە کار بکاتە سەر گەشەسەندنی مێژووی کورد"(٢٨).

کورد دەسەڵاتدارەکانی هۆشیاریی مێژوو و نووسینەوەی مێژوویان نەبووە "ڕیچ" لە گەشتنامەکەی خۆیدا گفتوگۆیەکی خۆی لەگەڵ مەحموود پاشای بابان میری میرنشینی بابان دەگێڕێتەوە کە دەیخوێنینەوە و سەرنج دەدەین بۆمان دەردەکەوێت کە میر چەندە مێژووی لا گرنگ نەبووە و پەراوێزی خستووە، ڕیچ دەڵێت:" ئەمڕۆ لەگەڵ میردا، کە باسی مێژووی کوردستانمان کرد، پێم بە جەرگی خۆمدا ناو سەرسامیی خۆمم بۆ باس کرد، کە بۆچی ئاگاداری تەواوی مێژووی بنەماڵەکەیان نییە! بە نەزاکەت و سەنگینییەوە پێمی وت ئەو مێژووە شایانی نووسینەوە نییە، چونکە مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار نییە، بەڵکو مێژووی خێڵێکی سادەیە. منیش پێم وت، بەڵام بنەماڵەکەیان مێژوویەکی دووریان هەیە و شەرەفمەندن. وتی بنەماڵەکەیان زۆر کۆن نییە و ئەندامانی بنەماڵەکەشیان تەنیا سەدەیەک دەبێ بوونەتە میر و سەردار. منیش وتم لەو کاتەوە ئاگاداری زنجیرەی بنەماڵەکەیانم. لەوە دەچوو قسەکەم جێگایەکی باشی لە دەروونیدا داگیرکردبێ، بۆیە یەکسەر گیانی خێڵچێتیی جووڵا و گەش بووەوە و ڕوحی بە شێوەیەکی نائاسایی بووژایەوە. بۆ پیاوێکی وەک میریش کە خۆی بە ئایینداریکی زۆر سادە و بچکۆلە دەزانی، لە کاتی باسکردنی ئەم جۆرە شتانەدا هەرگیز خاڵی نەبوو لە شانازی کردن بە سەربڵندیی ماڵبات و خۆگیف کردنەوەوە. دوای ئەوەش وتی:(جگە لە مێژووی پێغەمبەران و پیاوچاکان، ئەوەندەی بتوانم لە ڕۆژگار و گوزەرانیان بزانم، ئیتر زۆر تامەزرۆی مێژوو نیم و لە "شانامە" زیاتر، شتێکی لێ ناخوێنمەوە)"(٢٩)، سۆز و ئارەزوو لە پێناو زانینی ڕابوردوو لای هەموو کەسێک یەکسان نییە(٣٠). تاکی کورد و دەسەڵاتداری کوردی دەچنە ئەو خانەیەوە کە کەمترین سۆز و ئارەزوویان بۆ زانینی ڕابوردوو نەبووە!

هەروەها جگە لەوە دەبێت بزانین "نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی کورد یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی ناتەواوی و لاوازی بەرهەمی مێژوونووسەکانمانە"(٣١).

له مێژوودا "کورد پتر ڕۆشنبیریبیەکی زارەکی هەبووە، گرنگی دان بە نووسینی مێژوو کەم بووە، ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوەی بەیت و شیعر و لاوک و حەیران گوتراونەتەوە، ئەمەش وای کردووە بە شێوەیەکی ورد بەدیار نەخرێن. بە جیاوازی بەیتبێژ و لاوک و حەیرانبێژ ڕووداوێکی دیاریکراو بە چەندان شێوەی جیاواز بوترێنەوە. ئەو هەوڵە گرنگانەی تۆمارکردنی مێژووش کە لە لایەن گەورە مێژوونووسانی کوردەوە دراوە لەژێر کاریگەری تێکەڵ بوون بووە بە میللەت و دەوڵەتانی دەوروبەری سەردەست. بۆ نموونە شەرەفخانی بەدلیسی لە منداڵییەوە لەگەڵ کورانی شاکانی سەفەویدا خوێندوویەتی و پەروەردەکراوە، بۆیە لە بواری نووسینی مێژووە کاریگەری ئەوانی بەسەرەوە دیارە، هەر بۆیەش لەناو ئەو هەموو میرە کوردە شەرەفخانی بەدلیسی مێژووی کوردی تۆمارکردووە" (٣٢).

مێژووی کوردستان زنجیرەیەک ڕووداوی مێژوویی لەخۆ دەگرێت، ناوچە کوردییەکان بە درێژایی مێژوو جێگای ململانێی هێزە هەرێمییەکان و زلهێزەکان بووە، دوای هاتنی ئیسلام و بڵاوبونەوەی لە ناوچە کوردییەکان ژمارەیەکی زۆری زانایانی کورد دەستیان کرد بە بانگەوازی ئیسلامی و بۆ دەرەوەی کوردستان وەک شام و میسر و بەغدا کۆچیان کرد، کاری سەرەکی ئەو زانایانە کارکردن بۆ ئیسلام و بڵاوکردنەوە و ناساندنی مێژووەکەی بووە، مێژوونووسانی کورد زانیارییان دەربارەی شام و میسر و بەغدا بڵاوکردووەتەوە، نەوەک کوردستان، ئەم مێژوونووسە کوردانە مێژووی کوردستانیان بە دیاریکراوی تۆمارنەکردووە و گرنگییان بە مێژووی وڵاتەکەیان نەداوە(٣٣)، هەر لەسەردەمی ئیسلامییەوە دیاردەیەک لای مێژوونووسان بە گشتی و مێژوونووسانی کورد بەتایبەتی بەرچاودەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە بایەخ بە مێژووی وڵاتەکەیان نادەن، بەڵکو زیاتر مێژووی جیهانی ئیسلامی بەگشتی، یان هەر مێژووی گشتی دەنووسن، یان بەلای مێژووی ئەو وڵات و گەلانەدا دەچن کە خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتن، ئەوانەش پێیان دەوترێ مێژوونووسی دەربار(مؤرخ البلاط)، بێ گومان بەرژەوەندی تایبەتی و کزی هەستی نەتەوایەتی ئەو کاتە هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەن(٣٤).

" کورد خاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبووە، ئەوجا خاوەنی دامەزراوەی زانستی و زمانەوانیش نەبووە تا کولتوورەکەیان بە لێکۆڵینەوەیەکی مەنهەجییەوە لە خۆبگرێت، هەروەک زۆربەی ئەوانەی لەپێش سەدەی بیستەوە لەبارەیانەوە نووسیویانە کورد نەبوون، بۆیە نەیانتوانیوە لە بارەی کوردستانەوە، لەناوەوەیدا و بەشێوەیەکی ورد بنووسن(٣٥)، تا ئەمڕۆ کەلەپوور و مێژووی سەدەکانی ڕابوردوومان هەمووی تۆمارنەکراون و دەستی قوتارکردن و پاراستنیان پێ نەگەیشتووە، بەهۆی شەڕەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانییەوە، یان شەڕەکانی نێوان ڕووسیا و دەوڵەتی عوسمانیش کە کوردستان گۆڕەپانی بەرینی ئەو شەڕانە بووە و جار لە دوای جار شار و دێهاتەکانی وێران کراون، گەلێک پاشماوەی مێژوویی و کەلەپووری نەتەوەکەمان هەر لە کتێب و نووسراوەوە بگرە تا دەگا بە شوێنەوار و ڕووکاری گرنگی شارستانەتیمان فەوتاون و ئاسەواریان نەماوە. شەڕوشۆڕ لە هەر وڵاتێکدا هەڵبگیرسێ، گیان و ماڵ و کەلەپووری شارستانەتی و کولتووریش لەنێو دەبا(٣٦).

مێژوو توندوتۆڵ بە ئاستی شارستانەتییەوە گرێ دراوە. هەبوونی ڕژێم و یاسا و باج و دارایی و لەشکر و پێوەندیی ناوخۆ و دەرەوە لە هەر وڵاتێکدا بارودۆخێکی بابەتکرد (موضوعی) بۆ نووسینی مێژوو دابین دەکا. بە پێچەوانەوە نەتەوەی ژێردەست و پاشکەوتوو نە مێژووی خۆی نووسیوەتەوە و شتێکی کەم نەبێ بایەخی پێ نەداوە. پێم وابێ دەکرێ ئەم لێکدانەوەیە بکەین بە وەڵامێکی سەرەکی و بەجێی ئەو پرسیارە کە دەڵێ بۆچی کورد مێژووی خۆیی پشتگوێ خستووە و نەینووسیوەتەوە؟(٣٧).

ئەو دەقانەی کە لە سەردەمانی پێشوودا لەسەر کوردستان تۆمارکراون، میتود و ڕەهەندی جیاواز دەگرنە خۆیان و لە لایەن کەسانی جیاواز و بە مەبەستی جۆراوجۆر داڕێژراون، هەر لە تۆمارکردنی بیرەوەریی سەیر و سەفەرێکی تاکەکەسییەوە بگرە تا ئەو دەقانەی کە بە پێی ئەرکێکی سیاسی، یان ئایینی پلانی بۆ داڕێژراوە(٣٨).

ئەگەر ئامانج لە مێژوو چ بە واتای ڕۆژئاوایی و چ بە واتا گشتییەکەی بێت، ئەوە کورد لە هەردوو ماناکەدا

هەژاری و لاوازی پێوە دیارە، جگە لەوەی زمانی خۆی فەرامۆش کردووە و بە زمانەکانی تریش ئەو بابەتانەی کە تۆماریان کردوون زۆر دەگەمەن و کەمن، تەنانەت دەوڵەتی ماد تاکە نووسراوێکیشی لێ بەجێ نەماوە، مادەکان وەک یۆنانییەکان بایەخێکی ئەوتۆیان بە نووسین نەداوە و خۆشەویستییەکی ئەوتۆیان بۆ مێژوو نەبووە، ئەگین ئەگەر بهاتبایە نووسینیان هەبووایە بێ گومان ئەو نووسینانە دەبوونە کەرەستەی باش بۆ مێژوونووسی و ئەو قۆناغەی مێژووی کوردیان ڕوون دەکردەوە، بەڵام لە بەرانبەردا دەبینین یۆنانییەکان کەسێکی وەک هیرۆدۆتیان هەیە کە بە باوکی مێژوو ناسراوە، ئەوەشمانی لەبیرنەچێت هەموان مێژوو دەخوڵقێنن، بەڵام هەموان مێژوو نانووسن، بۆیە یۆنانییەکان خوڵقاندیان و نووسییان، بەڵام مادەکان خوڵقاندیان و نەیاننووسی!!(٣٩).

کورد وەک هەموو کایەکانی تر مێژوونووسی، تەنانەت وەک هەوڵێکی سەرەتاییش زۆر درەنگ دەرکەوت، هەروەک چۆن وەک زانستەکانی تر"ئەگەر مێژوو بە زانست هەژماربکەین" و بوارەکانی تر بەهۆی پەرتەوازەیی کوردەوە گەشەی کەمی کردووە، چونکە هەموو زانستێک کاتێک بیەوێت گەشەی تێدا بکرێت دەبێت چەند هەلومەرجێکی بۆ بڕەخسێت تا ئەو گەشەیەی کە پێویستە بیکات بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە کورد و کۆمەڵگەی کوردی پێدا تێپەڕکردووە، مێژوونووسیش دواکەوتووە، ئەمە لە کاتێکدایە دراوسێکانی پێشکەوتوون و گەلێک لە کورد پێشتر مێژووییان نووسیووەتەوە(٤٠).

هەندێک لە نووسەران ئاماژە بەوە دەکەن کە "کورد لە پێشەنگی ئەو نەتەوانەیە کە زۆرترین زانا و ڕۆشنبیر و مێژوونووسی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام نووسین بەزمانی کوردی زۆر درەنگ هاتە ئاراوە، خوێندەوارانی کورد بە زمانە باڵادەستەکانی دراوسێکانیان لە عەرەب و فارس و تورک بابەتەکانی خۆیان دەخستە ڕوو. سەرجەم ئەو نووسینانەش کە کورد بەو زمانانە نووسیویانە هەرچەندە بوارەکانیشیان جیاواز بووبێت وەک بواری: عەقیدە، شەرعزانی، مێژوو، ئەدەب،.... بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەرەکانیان دەرچووی حوجرە و مزگەوتەکان بوون ڕەنگی ئایینیی بەو نووسینانەوە نەخشاون، ئەم حاڵەتە لە دوای پەیدابوونی نووسین بە زمانی کوردییش تا چەرخی بیستەم هەر بەردەوامبوو"(٤١).

کورد هەمیشە لە هەڤبەر مێژوودا بەدبەخت بووە،، چونکە مێژوو نەبووەتە ماڵێک بۆ کورد، تا دواجار لە بوونی خۆی دڵنیابێت، هەر بۆیە هەمیشە بە بێ ئومێدییەکی گەورەوە کورد باسی مێژووی کردووە، ئەو کاتەش لەسەرخوانی مێژوو کورد حزووری هەبووبێت هەمیشە خۆی نەبووە، ئەوەندەی داوەتی گەلانی تر بووە، کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، وەک میوانێکی ناوەختە قبووڵیان کردووە، خۆ کاتێکیش کورد وەک هێزێ: یان لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی گەورەدا دەرکەوتووە، قەت ڕۆژێک نەیپەرژاوەتە سەر ئەوەی خەون بەمەوە ببینێ کە لە مێژوودا خۆی تۆمار بکات، کورد لە زۆربەی ساتەوەختەکانی ئامادەگی لە مێژوودا، قەد ئاگا نەبووە بەخۆی، ئەوەندەی بەڕێکەوت لە یادەوەری بابایەکی بیانیدا باس کراوە، هەر بۆیە کورد بە ڕابوردووی خۆی نامۆیە و هەمیشە لەسەر ئەگەرو گومان بەنێو یادەوەری خۆیدا گوزەر دەکات، هەمیشە لە نەسەبی خۆی دڵنیا نییە(٤٢).

مەلا مەحموودی بایەزیدی دەڵێت :"گۆڕینەوە و سەنەد نووسین لەناو کوردەکاندا کەم هەیە، لە جیاتی ئەم شتانە دوو شاهید ئەگرن، نووسین و مۆر و ئیمزاکردن لە لایان گرنگ نییەو شایەتییان لا پێویسترە"(٤٣)، ئەم ڕستەی مەلامەحموودی بایەزیدی بە دیوێکدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کورد گرنگی بە دۆکیومێنت و نووسین نەداوە و لایان گرنگ نەبووە! زۆرجار ئەم نەنووسینەوە و تۆمار نەکردنەی مێژوو لەلایەن کورد خۆیەوە، وای کردووە لە لایەن مێژوونووسانی ئەوانی ترەوە ڕەچەڵەک و ڕەگەزی کورد ببرێتەوە دەرەوەی خۆی و لە کوردبوون دابماڵرێت، بەداخەوە ئەمەش وای کردووە دواتر هەندێک لە کوردەکان بکەونە ژێر کاریگەری ئەو مێژوونووسانە و ڕەگەزی خۆیان ببەنەوە دەرەوەی کورد!(٤٤). وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد "کورد وەک نەتەوەیەک کە زۆرترینی مێژووەکەی لە لایەن بێگانەوە نووسراوەتەوە(٤٥).

عەبدولڕەقیب یووسف لە کتێبە گرنگەکەیدا بەناوی "بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد"، چەندان نموونە و بەسەرهاتی گێڕاوەتەوە بەوەی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بەڵگەنامە و دەستنووس و نووسراو هەبوون لە لایەن

بنەماڵە کوردەکانەوە سووتێنراون و لەناوبراون کە بەداخەوە ئەمەش هێمایە بۆ نەزانینی نرخی دەستنووس و بەڵگەنامە کە بەشێکی گرنگە لەنووسینی مێژوو، یان تراژیدیاکە ئەوەیە هەندێک جار لەلایەن دامودەزگاکانی حکوومەتەوە لەناوبراون، بێ ئەوەی هەست بە گرنگی ئەو سامانە نیشتیمانییە بکرێت، بۆ نموونە لە شوێنێکدا نووسەر دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەندازەیەکی زۆر لە بەڵگەنامە کۆنەکانی سەردەمی عوسمانی و ئینگلیز و شێخ مەحموود لە لایەن شارەوانیی سلێمانییەوە سووتێنران! لە شوێنێکی تردا دەنووسێت: نەوەکانی "ئەحمەد فائیز بەرزنجی" لە نێزیک قاپیی سەرای سلێمانی، چوار بەرمیلی خۆڵرێژیان لە پاشماوەی نامەخانەی ناوبراو پڕکردووە و خۆڵرێژەکانیش لە دەرەوەی شار هەڵیانڕشتبوون و سووتاندبوویانن. ئەحمەد فائیز زانایەکی گەورە و قازیی زەمانی عوسمانییەکان بووە، خاوەنی چەندان کتێبە کە گرنگترینیان (السحر الحلال) و (کنز اللسن)ن.(٤٦).

نووسینەوەی مێژوو بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی تەنیا مامەڵە لەگەڵ ڕابوردوویەک ناکات، کە کەسەکانی لە ژیاندا نەماون، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئەوانەش دەخاتە ژێر نەشتەرگەری پێنووسەکەی، کە هێشتا نەهاتوونەتە سەر گۆڕەپانی ژیان!(٤٧).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**


**١- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی برادۆست، دەزگای هێڤی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٨١.**

**٢- د. ئەحمەد مەحموود خەلیل: مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامیدا، و/زرار عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٠.**

**٣- د. سحر السید عبدالعزیز سالم و د. ابراهیم محەمەد علي مرجونة: تاریخ الاکراد (دراسة تاریخیة حضاریة في ظل الخلافة العباسة)، بێ ژمارەی چاپ، مؤسسة شباب الجامعة، الإسکندریة، بێ ساڵی چاپ، ل٤٠.**

**٤- مەحەمەد ڕەسوول هاوار: کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە و وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٠٩-٢١٠.**

**٥- محەمەد ڕەسوول هاوار: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.**

**٦- محەمەد ڕەسوول هاوار: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠**

**٧- د. حیسامەددین علی غالب نەقشبەندی: شارەزوور و لوڕستانی باکوور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، و/ ڕەنج ئەبوبەکر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٨٢.**

**٨- سدیق سفی زادە: مێژووی وێژەی کوردی، چاپ اول، چاپخانەی چهر تبریز، انتشارات ناجی، بانە، کردستان، ل٧٢٤.**

**٩- فوئادی تاهیر سادق: هۆشیاری مێژوویی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١٢-١١٣.**

**١٠- عەبدولخالق عەلائەددین: دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بێ ژمارەی چاپ، دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بێ شوێنی چاپ، بێ ساڵی چاپ، ل٩٥-٩٦.**

**١١- أ. نجاة سلیم محاسیس: مفاتیح علم التاریخ، الطبعة الاولی، دار زهران للنشر والتوزیع، الاردن، ٢٠١٣، ص١٩٦.**

**١٢- ئازاد عەبدولواحید: گەشتێک بەناو (مێژوو، بەڵگەنامە، شوێنەوار) هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ عەبدولڕەقیب یووسف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٩.**

**١٣- ئی. م. دیاکۆنۆف: میدیا، و/ بورهان قانع، چاپی دووەم، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣١.**

**١٤- ئازاد عەبدولواحید: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.**

**١٥- ئازاد عەبدولواحید: سەرچاوەی پێشوو،ل٤٧.**

**١٦- ئازاد عەبدولواحید: هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ پیسۆڕی مێژوو"د.موحسین محەمەد حوسێن"، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٥٥، خولی سێیەم "ساڵی بیست و سێ، هەولێر، ئابی ٢٠١٨، ل٣٩.**

**١٧- نیبوور: سەفەرنامەی نیبوور لە سەدەی هەژدەدا، و/ ئەردەلان عەبدوللا، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل٨.**

**١٨- ئازاد عەبدولواحید: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.**

**١٩- د. مووسا محەمەد خدر: وێنەی کورد لە سەرچاوە مێژووییە فارسییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل٩.**

**١٢٠- د. مووسا محەمەد خدر: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠-٨١.**

٢١- هاوڕێ باخەوان: ئاڵای کورد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٠٩.

٢٢- د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی: کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان، چاپی سێیەم، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١١، ل٥.

٢٣- د.زرار سدیق توفیق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خەلافەتی ئیسلامیدا(١٦ک-٦٥٦ک/ ٦٣٧-١٢٥٨ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥.

٢٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین" چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی"، چاپی یەکەم، کتێبی یەکەم"بەرگی دووەم"، الدار العربية للعلوم ناشرون، لبنان، ٢٠١٥، ل٦٩.

٢٥- فوئادی تاهیر سادق: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

٢٦- د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور: گرفتەکانی نووسینی مێژووی کورد، گۆڤاری (مێژوو)، ژمارە(٩)، ساڵی سێیەم، زستانی ٢٠٠٩، ل٣٤١.

٢٧- د. مووسا محەمەد خدر: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

٢٨- هۆشەنگ ساڵح نەجار: کورد و توێژینەوەی مێژوو، گۆڤاری (مێژوو)، ژمارە(١١)، ساڵی سێیەم، هاوینی ٢٠٠٩، ل١٢٢.

٢٩- کلاودیوس جەیمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و/ محەمەد حەمە باقی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٠٧.

٣٠- جۆزێف هۆرس: بەهای مێژوو، و/ عوسمان عەزیز عەلاف، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٨.

٣١- د.حەسەن جاف: بۆچی مێژوونووسەکانی کورد بەرهەمەکانیان تۆکمە و بەرچاو نییە، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(١٤٩)، ساڵی چواردە، خولی سێیەم، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، ل١١٦.

٣٢- د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکە سوور: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

٣٣- جواد کاظم البيضاني: التاريخ والمؤرخون الكرد، الطبعة الأولى، دار ومكتبة البصائر، بيروت- لبنان، ٢٠١٢، ل٤٠.

٣٤- سەعدی عوسمان: مێژوونووسین لای کورد لە سەردەمی نوێدا ١٥٠٠- ١٩٠٠، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٢٩)، تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ل١٠٨.

٣٥- د. ئەحمەد مەحموود خەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

٣٦- عەبدولڕەقیب یووسف: بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٨٥، ل١٤٢-١٤٣.

٣٧- عەبدولڕەقیب یووسف: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

٣٨- مەسعوود بینەندە: کورتە باسێک لەسەر مێژوونووسی کوردستان، گۆڤاری "زرێبار"، ژمارە ٨١ و ٨٢، ل ١٩.

٣٩- شاهۆ حەمە سەعید: میتود و ڕێبازەکانی مێژوونووسی و گرفتەکانی، گۆڤاری "هەژان"، گۆڤارێکی فیکری وەرزییە، ژمارە"٢٣"، ٢٠١٠، ل٢٦٣.

٤٠- شاهۆ حەمە سەعید: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

٤١- تۆفیق کەریم ساڵح: کاریگەریی تیرۆروانینی ئایدۆلۆژی لەسەر کەلتووری کورد، گۆڤاری "خاڵ"، ژمارە"١٢"، ئابی ٢٠١٧، ل٨٧.

٤٢- پێشڕەو عەبدوڵڵا: کورد لەنێوان ئەدەب و مێژوودا....، گۆڤاری "توێژینەوە"، ژمارە(٢)، ساڵی یەکەم، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل١٢٥.

٤٣- مەلا مەحموودی بایەزیدی: عادات و ڕسوماتنامەی اکرادیە (داب و نەریتی کورد)، پێشەکی و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی م.م. ڕوودینکو، و/ پ.د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٦٩-٧٠.

٤٤- حەیدەر لەشکری: وێنەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامیدا، و/ د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٨٩-١١٤.

٤٥- هۆشەنگ ساڵح نەجار: کورد و مێژوونووسین لە سەرەتاوە تا سەدەی نۆزدە، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٢١٠)، ٥-١١-٢٠١٤، ل١١٠.

٤٦- عەبدولڕەقیب یووسف: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-٢٢.

٤٧- د. کامەران مەنتک: شیکردنەوە و هارمۆنەتیزەکردنی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٨٥.